حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی/ هەولێر
فاکەڵتی یاسا- بەشی یاسا

# گەڕاندنەوەی هاوسەنگی دارایی گرێبەستی کارگێڕی
# لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

ئەم توێژینەوەیە وەک بەشێک لە تەواوکارییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسای گشتی
پێشکەش بە فاکەڵتی یاسا لە زانکۆی تیشکی نێودەوڵەتی کراوە

ئامادە کردنی قوتابیان:
محمد رابەر صدیق
هەردەم طارق علي

بە سەرپەرشتی
م. محمد عبدالكريم

١٤٤٤ کۆچی ٢٧٢٣ کوردی ٢٠٢٣ زاینی

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**( يرفـع الله الـذين آمنـوا مـنكم و الـذين اوتـوا العلـم درجـات و الله بمـا تعملون خبير )**

**صدق الله العظيم**

**سورة المجادلة، الآية 11**

**سوپاس و پێزانین**

له کۆتـایی ئەم تـوێژینەوە سـوپاس و پێزانیـنی خۆمـان ئاراسـتەی سەرپەرشـتیاری تـوێژینەوە زۆر بەرێـز مامۆسـتا محمـد عبـدالکریم دەکەیـن، بـۆ ئەوەی کە ڕازی بـوو سەرپەرشتیاری ئەم تـوێژینەوە بکات. هەروەهـا ئامۆژگاری و ڕێنمـوونی سەرپەشـتیار یارمەتیدەر و ئاسانکار بوو بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە زانیستییە بگاتە ئەنجام.

هەروەها زۆر سـوپاسی سـەرۆکایەتی زانکـۆی نێودەوڵەتی تیشـک و ڕاگـریەتی کـۆلێژی یاســا و مامۆســتایان و فەرمــانبەران دەکەیــن بــۆ ئەو خزمەتگــوزارییە زانســتی و ئیدارییانەی لە ماوەی خوێندنی بەکالۆریۆس پێشکەشیان کردین.

توێژەران

## پێشکەشکردن

ئەم بەرهەمە زانستییە پێشکەشی هەموو ئەو دادوەر و فەرمانبەر و کاربەدەستە ئیداری و حکومییانە دەکەین، کە بوێرانە هەوڵی دەدەن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و لە ژێر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکان خزمەتی هاونیشتمانیان بکەن.

توێژەران

**پێرست**


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | ئایەتی قورئان |
| ب | سوپاس و پێزانین |
| ج | پێشکەشکردن |
| د | پێرست |
| 1 | پێشەکی |
| 4 | **بەشی یەکەم: گرێبەستی کارگێری و تیۆری بارودۆخی لەناکاو** |
| 4 | باسی یەکەم: ماهیەتی گرێبەستی کارگێڕی |
| 4 | لقی یەکەم: پێناسەی گرێبەستی کارگێری |
| 6 | لقی دووەم: ڕەگەزەکانی گرێبەستی کارگێری |
| 6 | باسی دووەم: ماهیەتی تیۆری بارودۆخی لەناکاو لە گرێبەستی کارگێریدا |
| 7 | لقی یەکەم: چەمک و پێناسەی تیۆری بارودۆخی لەناکاو |
| 8 | لقی دووەم: سەرهەڵدانی تیۆری بارودۆخی لەناکاو |
| 10 | لقی سێیەم: مەرجەکانی جێبەجیکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو |
| 11 | باسی سێیەم: هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستی کارگێری و تیۆرەکانی |
| 12 | لقی یەکەم: هاوسەنگکردنەوەی دارایی لە گرێبەستی کارگێریدا |
| 13 | لقی دووەم: تیۆرەکانی هاوسەنگکردنەوەی گرێبەستی کارگێری |
| 17 | **بەشی دووەم: هاوسەنگکردنەوەی دارارپی گرێبەستی کارگێری لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی لەناکاو** |
| 17 | باسی یەکەم: قەرەبووکردنەوە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو و بنەمای یاسایی |
| 17 | لقی یەکەم: قەرەبووکردنەوە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو |
| 19 | لقی دووەم: بنەمای یاسایی قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە تیۆری بارودۆخی لەناکاو |
| 20 | باسی دووەم: رادەی ڕەوایەتی دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە یان لێخۆشبوون لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری |

| | |
|---|---|
| بارودۆخی لەناکاو | |
| لقی یەکەم: ڕادەی ڕەوابوونی دیاریکردنی دەقێک بۆ لێخۆشبوونی ڕەهای ئیدارە لە قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە حاڵەتی بارودۆخی لەناکاو | 20 |
| لقی دووەم: ڕادەی ڕەوابوونی دیاریکردنی قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە حاڵەتی بارودۆخی لەناکاو بەدەر لە تیۆری بارودۆخی لەناکاو | 21 |
| باسی سێیەم: هەڵوێستی یاسایی عێراق دەربارەی هاوسەنگکردنەوەی دارایی لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری باری لەناکاو | 22 |
| دەرئەنجام و ڕاسپاردە | 25 |
| سەرچاوەکان | 27 |

## پێشەکی:

زۆربوونی پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە و هەروەها بەهێزبوونی کەرتی تایبەت لە ئاستی جیهان دوو هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی حکومەتی  وڵاتان زیاتر لە جاران گرنگی بە گرێبەستی کارگێری بدەن . هەر بۆیە لە ئێستادا، گرێبەستی کارگێری جێگە و پێگەیەکی گرنگی لە زۆرینەی دامەزراوە حکومییەکان ( ئیدارە )ی لە ڕووی یاسایی و کارگێرییەوە هەیە. مەبەستی سەرەکی ئەم گرنگی پێدانەش سوودوەرگرتنە لە توانا مادی و مرۆییەکانی کەرتی تایبەت بۆ دابینکردن و باشتر بەڕێوەبردن و خێراتر پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە. هێنانەدی ئەم مەبەستەش، واتە سوود وەرگرتن لە توانا مادی و مرۆییەکانی کەرتی تایبەت بەشێوەیەکی باش، پەیوەندارە بە داڕشتن و نووسینی گرێبەستە کارگێرییەکان بە شێوەیەکی ڕوون و گشتگیر و دواتر جێبەجێکردنی پانەندییەکان لە لایەن هەردوو لایەنی گرێبەست بە شێوەیەکی هاوسەنگ وەکو ئەوەی لە گرێبەستەکاندا هاتووە.

لە کاتی نووسین و بەستنی هەر گرێبەستێکی کارگێری ماف و پابەندبوونی ئیدارە و بەڵێندەر ئاماژەیان پێدەکرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەرک و دەسەڵاتەکانی هەردوو لایەنی گرێبەست دیاری دەکات و کاروبارەکانی پەیوەندار بە گرێبەستەکەوە ڕێکدەخرێن. مەبەستی سەرەکی کەرتی گشتی لە ئەنجامادانی ئەم جۆرە گرێبەستانە دابینکردن و بەردەوامی خزمەتگوزاری گشتییە، لەکاتێکدا  مەبەستی سەرەکی کەرتی تایبەت قازانجی ماددییە و پێویستە لە چوارچێوەی گرێبەستی کارگێرییدا ئەم مافە پارێزراو بێت. پێویستە لە بارودۆخی ئاساییدا ناکۆکی و بەریەککەوتنی هەردوو لایەنی گرێبەست، لەسەر بنەمای دەق و بەندەکانی گرێبەست یەکلایی بکرێتەوە. بەڵام هەندێ جار بە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی لەناکاو یان چاوەڕواننەکراو، لایەنەکانی گرێبەست ناتوانن وەکو پێویست پابەندی بەندەکانی گرێبەستەکان ببن و کێشە بۆ هاوسەنگی دارایی لە گرێبەستە کارگێرییەکان دروست دەبێت.

لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگی دارایی گرێبەستە کارگێرییەکان لە کاتی دروستبوونی بارودۆخی لەناکاو، پێویستە بە ڕوونی لە سیستەمی یاسایی و کارگێریدا ئاماژە بە ئامرازی دیاریکراو بکرێت بۆ چارەسەری کێشە و ناهاوسەنگییە داراییەکان، چونکە ئەمە بنەمای بەردەوامی خزمەتگوزاری گشتی و پاراستنی ئەرک و مافی لایەنەکانی گرێبەستەکەیە. هەروەها هۆکاری هێنانەدی دادپەروەرییە لە ئەگەری هەر هەموارێک لە گرێبەستەکەدا، یان بە هاوسەنگی دابەشکردنی

زیانەکان لەکاتی هەبـوونی زەرەر و زیـانی مـاددی بەهـۆی هـاتنە کایەی بـارودۆخێکی لەناکـاو و چـاوەڕواننەکراو. لەسـەر ئەم بنەمـایە، یاسـادانەری عـێراقی بە سـوودوەرگرتن لە ئەزمـوون و ڕای بیرمەنـدانی یاسـایی وڵاتـانی وەکـو فەرەنسـا و میسرـ سـوودی لەو تیـۆرانە وەرگرتـووە کە بـۆ هاوسـنەگکردنەوەی دارایی گرێبەسـتە کارگێرییەکان بەکار دێت، لە حـاڵەتی بـوونی بـارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو.

## گرنگی توێژینەوە:

گـرنگی بـاس و تـوێژینەوە دەربـارەی کاریگەری تیـۆری بـارۆدۆخی لەناکـاو لەسـەر هاوسـەنگی دارایی گرێبەستی کارگێری لە دوو ڕووەوە دەردەکەوێت. ئەوانیش، رووی زانستی و کرداریيە. گرنگی ئەم تـوێژینەوە لە ڕووی زانیسـتییەوە لەوەدایە کە بـاس لە تیـۆرێک دەکـات، بەرهەمی بـیر و هەوڵی بیرمەن و یاساناسـانە بـۆ بەرجەسـتە کـردنی دادپەروەی نێـوان دوو لایەنی گرێبەسـتی کارگێریـدا. لە ڕووی کرداریشــەوە، خــێرایی گـۆڕانکـارییە ئـابووری و داراییەکـانی عــێراق و جیهــان بە گشــتی، پەیڕەوکـردنی بیرۆکـەی تیـۆری بـارودۆخی لەناکـاوی کـردووەتە پێویسـتییەکی حەتمی لە پێنـاو باشـتر بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکان و گەڕاندنەوەی هاوسەنگی گرێبەستە کارگێرییەکان.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشـەی باسـی ئەم تـوێژینەوەیە پەیوەنـدارە بە چارەسـەری دادپەروەرانەی یاسـایی ئەو گرێبەسـتە کارگێرییـانەی کە لە عێراقـدا بە هـۆی بـارودۆخێکی لەناکـاو کێشـەی ناهاوسـەنگی داراییـان بـۆ دروسـت بـووە. هەرچەنـدە، لە ناوەڕاسـتی سـەدەی رابـردووەوە، یاسـادانەری عـێراقی ڕەچـاوی بنەماکـانی ئەم تیـۆری بـارودۆخی لەناکـاوی کـردووە بـۆ چارەسـەری ناهاوسـەنگی دارایی لە کـاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو، بەڵام تا ئێستاش جۆرێک لە ناڕوونی لە بەکارهێنانی بنەماکانی ئەم تیـۆرە بـۆ هاوسـەنگکردنەوەی دارایی گرێبەسـتە کارگێرییەکـان هەیە. ئەمە هۆکـار و پـاڵنەرە بـۆ ئەوەی ئەم باسە ئەم توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت.

## میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە دوو میتۆدی ڕەچاوکردووە، ئەوانیش میتۆدی وەسفی و میتۆدی جێبەجێکردنن. بە هـۆی میتـۆدی وەسـفییەوە ئەم تـوێژینەوە چەمـکی تیـۆری بـارودۆخی لەناکـاو هەڵویسـتی

بیرمەندی یاسایی و دادوەرانی لەم بارەوە، لەگەڵ هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی خراوەتەڕوو. بە هۆی میتۆدی جێبەجێکردنەوە هەڵوێستی ئیدارە و دەسەڵاتی دادوەری خراوەتەڕوو.

**پلانی توێژینەوە:**

ئەم تـــوێژینەوە هەوڵ دەدات لە دوو بەشی جیـــاوازدا، بـــاس لە هاوســـەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستی کارگێری لە ژێر ڕۆشنایی بارودۆخی لە عێراقدا بکات. توێژینەوە لە سەرەتادا گرنگی و کێشـە و میتـۆدی تـوێژینەوە دەخـرێتەڕوو. بەشی یەکەم تەرخـان کـراوە بـۆ مـاهیەتی گرێبەسـتی کــارگێری و تیــۆری بــارودۆخی لەناکــاو. بەشی دووەمی تــوێژینەوە هاوســەنگکردنەوەی دارایی گرێبەست و قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە کاتی دروستبوونی بارودۆخی لەناکاو بە پێی یاسایی عێراقی دەخاتە بەر باس و گفتوگۆ.

## بەشی یەکەم

## گرێبەستی کارگێڕی و تیۆری بارودۆخی لەناکاو

بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوە بەسەر سێ باسدا دابەش بووە. لە باسی یەکەمدا، ماهییەت و پێناسەی گرێبەستی کارگێڕی و ڕەگەزەکانی دەخرێتەڕوو. لە باسی دووەمدا، ماهیەت و سەرهەڵدانی تیۆری بارودۆخی لەناکاو و مەرجەکانی جێبەجێکردنی دەخرێتەڕوو. لە باسی سێیەم و کۆتایی، هاوسەنگکردنەوەی دارایی لە گرێبەستی کارگێڕی و ئەو تیۆرانەی لەم بوارەدا پەیڕەو دەکرێن، دەخرێنەڕوو.

### باسی یەکەم: ماهیەتی گرێبەستی کارگێڕی

دەسەڵاتی گشتی (ئیدارە) لە پێناو باشتر بەڕێوەچوون و پێشەکەشکردنی خزمەتگوزاری گرێبەستی جۆراو وجۆر ئەنجام دەدات، هەر جۆرێک لەو گرێبەستانە ملکەچی یاسایەکی تایبەتە. بە ڕای بیرمەندان و یاساناسان، ئیدارە دوو جۆری سەرەکی گرێبەست دەبەستێت، ئەوانیش گرێبەستی تایبەت (شارستانی) و گرێبەستی کارگێڕییە. گرێبەستی تایبەت ملکەچی ئەحکامی یاسای تایبەتە و، لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان لایەنەکانی گرێبەستدا دادگای ئاسایی کێشەکان یەکلا دەکاتەوە. لە کاتێکدا گرێبەستی کارگێڕی ملکەچی ئەحکامی یاسای گشتییە و، پێویستە دادگای کارگێڕی تایبەتمەند بێت بە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و کێشە لە نێوان لایەنەکانی گرێبەستی کارگێڕیدا.[1] لەبەر جیاوازی گرێبەستی کارگێڕی، لەم باسەدا بە دوو لقی جیاواز پێناسە و ڕەگەزەکانی گرێبەستی کارگێڕی دەخرێتەڕوو.

### لقی یەکەم: پێناسەی گرێبەستی کارگێڕی

هەرچەندە بیرمەندانی یاسایی و دادوەری بە شێوەیەکی جیاواز پێناسەی گرێبەستی کارگێڕییان کردووە، بەڵام بیرمەند و یاساناسانی فەرەنسا و میسر و لیبیا هەوڵیانداوە ئەم جیاوازییە کەم بکەنەوە و چوارچێوەیەکی گشتی بۆ بنەما و پێوەرە سەرەکییەکانی گرێبەستی کارگێڕی دابنێن. بە پێی ئەحکامی دادگای فەرەنسا گرێبەستی کارگێڕی بریتییە لەو گرێبەستەی کە ئیدارە بە مەبەستی

[1] د. محمود خلف الجبوري، العقود الادارية، مطبعة التعليم العالي في الموصل، الوصل، 1989، ص6

دامەزراندن یان ڕێکخستن یان پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری گشتی ئەنجامی دەدات و نییەتی ئیدارە بە لەبەرچاو گرتنی ئەحکامی یاسای گشتی دیار دەبێت.[1] هەروەها، ئەنجومەنی دەوڵەتی میسری بەم شێوەیە پێناسەی گرێبەستی کارگێڕی کردووە ''گرێبەستێکە لەلایەن کەسێکی یاسایی (ئیدارە) بە مەبەستی بەڕێوەبردن یان ئاسانکاری لە کاروباری دامەزراوەیەک و نیشاندانی نیازی خۆی بۆ گرتنەبەری مەرجەکانی یاسای گشتی، ئەمەش لە ڕێگەی دیاریکردنی مەرجێک یان زیاتر لە گرێبەستەکەدا، کە لە یاسای تایبەتدا نەبێت''.[2]

لە لایەکی ترەوە، توێژەر دکتۆر سلێمان تەماوی ڕای وایە کە گرێبەستی کارگێری لە نێوان کەسێکی گشتی و تایبەتدا ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی بەڕێوەبردن یان ڕێکخستنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بە جۆرێک پەیڕەوکردنی بڕگەکانی یاسای گشتی لە گرێبەستەکەدا لەبەر چاو بگیرێت، ئەمەش بەو مانایەیە دێت کە گرێبەستەکە بڕگەی لەناکاو و تایبەت کە لە یاسای تایبەتدا نەبێت.[3] لە چوارچێوەی ئەم جۆرە گرێبەستەدا دەسەڵاتی گشتی بەشێک لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەداتە کەرتی تایبەت. لەسەر ئەم بنەمایە، گرێبەستی کارگێڕی ئەو گرێبەستەیە کە لە نێوان دوو کەسی یاسایی ( دەسەڵاتی گشتی) و ( دامەزراوەی تایبەت؛ کۆمپانیایەک یان زیاتر) بە ئامانجی دامەزراندن یان ڕێکخستن یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی ئەنجام دەدرێت. بە پێی ئەم پێناسەیە مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە گرێبەستانە یارمەتیدانی دەسەڵاتی گشتییە بۆ بەڕێوەبردن یان ڕێکخستنی خزمەتگوزاری گشتی لەبەرامبەر بڕێک پارە کە دەسەڵاتی گشتی بە لایەنی دووەم (کەرتی تایبەت)ی دەدات.

شێوازی دارشتن و بەستنی گرێبەستی کارگێری جیاوازە لە گرێبەستی تایبەت. لایەنەکانی گرێبەستی تایبەت یەکسانن و هەر دوو لایەن ملکەچی ئەو ڕێسایەن کە دەڵێ ''گرێبەست یاسای هەردوو لایەنی گرێبەستکارە''. بەڵام لایەنەکانی گرێبەستی کارگێری جیاواز و نایەکسانن لە توانا و پێگەی یاساییاندا و، دەسەڵاتی گشتی وەکو لایەنێکی گرێبەستەکە ئامانجی بەرژەوەندی گشتییە، لە کاتێکدا لایەنی دووەم مەبەستی سەرەکی قازانجە. لێرەدا، جیاوازی لە

---

[1] مفتاح خليفة عبدالحميد و آخرون، العقود الأدارية، دار المطبوعات الجامعية، الأسكندرية، 2008، ص16

[2] مخلد توفيق خشمان و آخرون، العقود الإدارية و جزائاتها في الفقه القضاء الأداري الأردني و القضاء المقارن، علوم الشريعة و القانون، مجلد43، ملحق3، ديمشق، 2016، ص1344.

[3] مفتاح خليفة عبدالحميد و آخرون، المصدر السابق، ص15

نێوان گرێبەستی کارگێڕی و گرێبەستی مەدەنی دەردەکەوێت، ئەویش بەوەی کە گرێبەستی کارگێڕی بۆ بەرژەوەندی گشتییە، لە کاتێکدا گرێبەستی تایبەت ئامانجی بەرژەوەندی تاکەکانی پەیوەندیدارە بە گرێبەستەکەوە.

**لقی دووەم: ڕەگەزەکانی گرێبەستی کارگێڕی**

لەبەرئەوەی ئەنجامدانی گرێبەستی کارگێری یەکێکە لە کاروچالاکییەکانی دەسەڵاتی گشتی و حکومەت، بۆیە چاوەڕوانکراوە لەم جۆرە گرێبەستانەدا دەسەڵاتی گشتی کۆمەڵێک مەرج و تایبەتمەندی داوا بکات کە لە گرێبەستی یاسای تایبەتدا نییە یان نەهاتووە. بە شێوەی گشتی، دیارترین ڕەگەزەکانی گرێبەستی کارگێری، بریتیین لە:

1. دەسەڵاتی گشتی یەکێک بێت لە لایەنەکانی گرێبەستەکە.
2. پێویستە دەسەڵاتی گشتی لە کاتی بەستن و ئەنجامدانی گرێبەستی کارگێری شێواز و ئیمتیازاتەکانی یاسای گشتی بگرێتەبەر. واتە گرێبەستەکە بڕگەی جیاکەرەوەی تێدا بێت کە لە یاسایی تایبەتدا نییە.
3. پێویستە گرێبەستەکە پەیوەندار بێت بە خزمەتگوزاری گشتی.[1]

## باسی دووەم

## ماهیەتی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

هاوسەنگی دارایی لە گرێبەستی کارگێڕیدا ئەو دۆخە دادپەروەرییەیە کە هەردوو لایەنی گرێبەست لەسەری ڕێکدەکەون و قبوڵی دەکەن. بەڵام هەندێجار بە هۆی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو، بەڵێندەر لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکەدا ڕووبەڕووی زیادبوونی تێچووی دارایی دەبێتەوە، بە جۆرێک ناتوانێت بە تەنها ئەو بارگرانییە داراییە هەڵبگرێت و کاریگەی لەسەر هاوسەنگی دارایی گرێبەستەکە دەبێت. لەوانەیە هەندێ جار ببێتە هۆی زیانێکی گەورەی

[1] اقبال نعمت درويش و آخرون، القواعد العامة في العقد الأداري، مجلة جامعة تكريت للحقوق، مجلد3، عدد4، تكريت، 2019، ص199

دارایی و هەرەشەی وەستاندنی گرێبەستە کارگێرییەکە، بێگومان ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خزمەتگوزاری گشتی و بەرپرسیارییەتی دامەزراوە گشتییەکان دەبێت.[1] ئەم سێ لقەی خوارەوە ئەم باسەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە:

لقی یەکەم: چەمک و پێناسەی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

لقی دووەم: سەرهەڵدانی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

لقی سێیەم: مەرجەکانی جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

**لقی یەکەم:چەمک و پێناسەی تیۆری بارودۆخی لەناکاو**

تیۆری بارودۆخی لەناکاو گرێدراوی ماوەی جێبەجێکردنی گرێبەستە کارگێرییەکانە، هەروەها لە گرنگترین ئەو تیۆرانەیە کە لە لایەن توێژەران و زانایانی بواری یاسایی و کارگێری گرنگی زۆری پێدەدرێت. ئەویش بە هۆی نوێبوونی تیۆرەکە و جیاوازی لە جێبەجێکردن و ناجێگیری باری ئابووری و دارایی وڵاتان و جیهان بە گشتی. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش یاساناس و بیرمەندانی بواری یاسایی دەستەواژەی جیاوازیان بۆ باردودۆخی لەناکاو بەکارهێناوە. بە نموونە، یاسادانەری میسری لە یاسایی شارستانی ژمارە ١٣١ی ساڵی ١٩٤٨ دەستەواژەی ''ڕووداوی نائاسایی'' بەکارهێناوە، بە هەمان شێوە، یاسادانەری عێراقی لە یاسای شارستانی ژمارە ٤٠ی ١٩٥١ دەستەواژەی ''ڕووداوی نائاسایی'' بەکارهێناوە. لە هەردوو یاسای ناوبراودا لە پاڵ دەستەواژەی ڕووداوی نائاسایی وشەی چاوەڕواننەکراو لە یاساکەدا ئاماژەی پێکراوە، واتە پێویستە ڕووداوەکە نائاسایی و چاوەڕواننەکراو بێت.[2]

بە ڕای بیرمەندی فەرەنسی- بیکنۆ، تیۆری بارودۆخی لەناکاو، ئەو بارودۆخەیە کە لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەستی کارگێری ڕوودەدات و، لە لایەن هەردوو لایەنی گرێبەست چاوەڕواننەکراو بووە. ئەمەش دەبێتە هۆی تێکدانی ئابووری گرێبەستەکە، بە جۆرێک

---

[1] فوزية فرج حماد، الظروف الطارئة و تأثيرها على تنفيذ العقود الأدارية، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة التحدي، ليبيا، 2009، ص48

[2] د. يوسف خليل ابراهيم السلوم، تحقيق التوازن بين التزامات المتعاقد و حقوقه في العقد الأداري، دار الجامعة الجديدة، الأسكندرية، 2022، ص60

جێبەجێکـردنی گرێبەسـتەکە ئەگەر مەحـاڵ نەبێـت ئەوا بـۆ بەڵێنــدەر پـڕوکێنەر دەبێـت.[1]
هەرچەنـدە پێناسـەی بیرمەنـدانی یاسـایی کارگێڕی میسری بـۆ تیـۆری بـارودۆخی لەناکاو لە ڕووی دەربڕین و زمانەوانییەوە جیاوازە، بەڵام هەموویان یەک تێگەشتنیان بۆ بارودۆخی لەناکاو هەیە. بە ڕای بیرمەندانی میسری، بارودۆخی لەناکاو ئەو بارودۆخە یان ڕووداووەیە چاوەڕواننەکراوەیە کە لەکـاتی بەسـتنی گرێبەسـت ڕوودەدات و دەبێـتە هـۆی ناهاوسـەنگی دارایی گرێبەسـت، بەجۆرێک جێبەجێکردنی گرێبەستەکە لە لایەن بەڵێندەرەوە مەحاڵ یان پڕوکێنەر بێت.
هەروەها بیرمەندی عێراق بەم جۆرە پێناسەی تیۆری بارودۆخی لەناکاوی کردووە '' ڕووداوێکی لەناکاوی چاوەڕواننەکراوە کە هەڕەشـەی زیانێکی گەورەی دارایی لە بەڵێندەر و ئیدارە دەکات و دەبێـتە هـۆی ئەسـتەم جێبەجێکـردنی گرێبەسـتەکە. لە پێنـاو بەردەوامبـوونی گرێبەسـتەکە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، زیانە داراییەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر هەردوو لایەنی گرێبەست دابەش دەکرێت. تێبنی دەکرێت بیرمەندانی یاسای کارگێڕی لە وڵاتی فەرەنسا و میسر و عێراق لە کاتی دیاریکردنی چەمکی تیـۆری بـارودۆخی لەناکاو، جەختیـان لەوە کـردووەتەوە کە هیچ لایەنێکی گرێبەستەکە چاوەڕوانی بارودۆخی لەناکاو ناکەن لە کاتی جێبەجیکردنی گرێبەستە کارگێڕییەکان.[2]

### لقی دووەم:سەرهەڵدانی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

تیـۆری بـارودۆخی لەناکاو، تـا رادەیەک، مێژوو و سـەرهەڵدانێکی ناڕوونی هەیە. هۆکاری ئەمەش وابەسـتەبوونی بـیرۆکەی ئەم تیـۆرەیە بە چەمـکی پابەنـدبوون و دادپەروەیـیەوە. هەرچەنـدە هەنـدێ لە بیرمەنـدانی یاسـایی ڕایـان وایە تیـۆری بـارودۆخی لەناکاو لە یاسـای ڕۆمـانی ئامـاژەی پێنەکراوە، بەڵام هەندێکی تر ڕایان وایە بیرۆکەی ئەم تیۆرە لە یاسای رۆمانی ئاماژەی پێکراوە و بەڵـگەی ئەمەش وتەی فەیلەسـوف و بیرمەنـدەکانی ڕۆمـانی کـۆنە. بە نمـوونە، ئەو وتەی فەیلەسوف شیشرۆن ''لەگەڵ گـۆڕانی کات، ئەرکەکانیش دەگۆڕێـت'' هەنـدێ لە بیرمەنـدانی یاسایی ئەم بیرۆکانە بە بنەمای دروستبوونی تیۆری باری لەناکاو دادەنێن. بەڵام هەندێکی تـر لە

[1] مازن دحام العاني، اعادة التوازن المالي للعقد الاداري في القانون العراقي، رسالة الماجستير، كلية الحقوق، جامعة الأسراء، الأردن، 2016، ص40

[2] مازن دحام العاني، المصدر السابق، ص40

بیرمەندان دژی ئەم ڕایەن، چونکە لە بنەمادا بیرۆکەی تیۆری بارودۆخی لەناکاو لەسەر ناڕوونی بونیاد نراوە، لە کاتێکدا یاسای ڕۆمانی بیرۆکەی ناڕوونی لەبەرچاو نەگرتووە.[1]

بەڵام لە مێژوویی هاوچەرخدا، سەرەتایی دەرکەوتنی ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ بریاێکی ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسا، لە ساڵی١٩١٦، بە قەرەبووکردنەوەی ئەو بەڵێندەرەی ڕووناکردنەوەی شاری بوردۆی فەرەنسی لە ئەستۆ بوو. پاش گرانبوونی خەڵووز لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم، کۆمپانیای بەرپرس لە ڕووناکردنەوەی شاری بوردۆی فەرەنسی نەیدەتوانی لە ئەرکەکانی گرێبەستە کارگێرییەکە بەردەوام بێت، چونکە تووشی زیانێکی زۆری دارایی دەبوو. بۆیە کۆمپانیا فەرەنیسییەکە داوای لە ئیدارە کرد بەشدار بێت لە گرتنەئەستۆی بەشێك لە تێچووە داراییەکە، بەڵام ئیدارە داوای کۆمپانیاکەی ڕەتکردەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە گرێبەست بریتییە لە یاسای دوو لایەنی گرێبەستەکە. دواتر کۆمپانیای ناوبراو داواکەی ئاراستەی ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی کرد و، ئەنجومەنەکەش بڕیاری هەموارکردنی گرێبەستەکەی دا، بە جۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ نرخی نوێی خەڵوز. بەم جۆرە دەسەڵاتی دادوەری کارگێڕی تیۆری بارودۆخی لەناکاوی داهێنا، کە کار بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی دارایی گرێبەستی کارگێڕی دەکات.[2]

هەڵوێستی سیستەمی یاسایی وڵاتان بۆ پەیڕەوکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو لە ڕووی کات و بەرەوپێشچوونەوە جیاواز بووە. بۆ نموونە، دادگای پێداچوونەوەی میسری لە سەرەتادا دژی جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە بوو، ئەویش بەو پاساوەی ئەگەر جێبەجێکردنی گرێبەست لە توانادا بێت، بۆیە پێویستە هەردوو لایەنی گرێبەست لە جێبەجێکردنی گرێبەستەکە بەردەوام بن هەرچەندە جێبەجێکردنی زۆر گران و ماندوکەر بێت. ئەم دۆخە لە وڵاتی میسر بەردەوام بوو، هەتاوەکو دەرچوونی یاسای پەیوەیستبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی ژمارە ١٢٩ی ساڵی ١٩٤٧، کە لە ماددەی شەشەمیدا ئاماژەی بە پێداچوونەوەی گرێبەست و قەرەبووکردنەوە کردووە لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو. بە هەمان شێوە ئەم بنەمایە لە

[1] محمد أبوبكر عبدالمقصود، اعادة التوازن المالي في ظل الأزمة المالية العالمية، المؤتمر العلمي السنوي الثالث عشر لكلية الحقوق جامعة المنصورة، مجلد1، عدد خاص بالمؤتمر، جامعة المنصورة، 2020، ص487

[2] د. حسن محمد علي حسن البنان، أثر الظروف الطارئة في تنفيذ العقد الأداري، مجلة الرافدين للحقوق، مجلد16، عدد58، المصول، 2013، ص161

یاسای شارستانی میسری ژماره ١٤٧ی ساڵی ١٩٤٨ ئاماژەی پێکراوە و، بەم جۆرە تیۆری بارودۆخی لەناکاو لە میسر بەرکاربوو.[1]

ئەوەی پەیوەندارە بە جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو لە عێراقدا، بە ڕای بیرمەندانی یاسایی بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوو کات و سەردەمی جیاواز. یەکەم لە سەردەمی عوسمانییەکان، کە لە گۆڤاری بڕیاری دادپەروەی ( مجلة احكام العدلية )دا چەندین دەق پەیوەندار بە بیرۆکەی تیۆری بارودۆخی لەناکاو ئاماژەی پێکراوە. دووەم لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٥١، کاتێک یاسادانەری عێراق یاسای شارستانی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ی دەرچوواند. لە ماددەی ١٤٦ ئەم یاسایە، هەروەها لە ماددەکانی ٧٨٣ و ٧٨٤ی پەیوەندار بە گرێبەستی بەکرێدان و ماددەی ٨٧٨ی پەیوەندار بە گرێبەستی بەڵێندەرایەتی و ماددەکانی ١٢ و ٦٧ پەیوەندار بە مەرجە گشتیەکانی بەڵێندەرایەتی کاروباری ئەندازیاری شارستانی، بە ڕوونی ئاماژە بە بنەماکانی تیۆری بارودۆخی لەناکاو کراوە.[2]

**لقی سێیەم: مەرجەکانی جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو**

جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو پێویستی بە هەبوونی کۆمەڵێک مەرج هەیە. هەرچەندە لە زۆرینەی ئەو یاسا و پەیڕەوانەی کە لە وڵاتە جیاوازەکان جێبەجێدەکرێت و تایبەتن بە تیۆری بارودۆخی لەناکاو بە شێوەیەکی جیاواز ئاماژەیان بە مەرجەکانی جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت مەرجەکانی جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو بەم شێوەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

1. ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو، لە ماوەی جێبەجێکردنی گرێبەستی کارگێڕییدا ڕووبدات. پێویستە ئەو بارودۆخە جیاواز و دەگمەن بێت، بە جۆرێک ئەگەری دووبارەبوونەوەی کەم بێت. دەکرێت ئەم بارودۆخە سروشتی، ئابووری یان

[1] محمد أبوبكر عبدالمقصود، المصدر السابق، ص494

[2] د. يوسف خليل ابراهيم السلوم، المصدر السابق، ص102

سیاسی بێت، وەکو کارەساتی سروشتی بوومەلەرزە و زریانی وێرانکەر، جەنگ یان داڕووخانی ئابووری وڵاتێک.

2. پێویستە بارودۆخە لەناکاوەکە لە دەرەوەی ویستی هەردوو لایەنی گرێبەست و چاوەڕواننەکراو بێت. بە جۆرێک نەتوانرێت ئەم بارودۆخە بەرپەرچ بدرێتەوە.
3. بارودۆخی لەناکاو ببێتە ئالێنگارییەکی گەورەی ئابووری و دارایی بەردەم گرێبەستە کارگێڕییەکە، بەجۆرێک جێبەجێکردنی گرێبەستەکە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە ڕووی داراییەوە زیاتر و قورستر بکات.
4. پێویستە بەڵێندەر بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی پابەندییەکانی ناو گرێبەستە کارگێڕییەکە.[1]

## باسی سێیەم

## هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستی کارگێڕی و تیۆرەکانی

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەگەر ئابووری و دارایی گرێبەستێکی کارگێڕی هاوسەنگی نەما بەهۆی ڕووداوێکی لەناکاو و پێشبینینەکراو، کە لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکەدا ئاماژەی پێنەکرا بوو، پێداچوونە و ڕاگرتنی هاوسەنگی دارایی دەبێتە پێویستییەکی سەرەکی بۆ بەردوامبوونی گرێبەستەکە. چونکە ڕوودانی ئەم بارە لەناکاوە وا دەکات کارەکانی یەکێک یان هەردوو لایەنی گرێبەستەکە تووشی ئالێنگاری و بەربەستی گەورە ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە گرێبەستەکە بەردەوام بێت، چونکە پەیوەندارە بە بەرژەوەندی و خزمەتگوزاری گشتی. لە هەمان کاتدا، دادپەروەری نییە ئەگەر یەکێک لە لایەنەکانی گرێبەستەکە بە تەنها هەموو زیانەکان بگرێتە ئەستۆ و هیچ جۆرە قەرەبوویەک نەکرێتەوە. هەروەها لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی گشتیدا نییە کە ناکۆکی لەگەڵ بەڵێندەردا هەبێت، چونکە لەوانەیە کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی گرێبەستەکە هەبێت.

---

[1] د. يوسف عبدالمحسن عبدالفتاح، الظروف الأقتصادية الطارئة و اعادة التوازن المالي في العقد الأداري في ضوء فكرة التوقع المشروع، القانونية، المجلد21، عدد9، القاهرة، 2017، ص100

**لقی یەکەم: هاوسەنگکردنەوەی دارایی لە گرێبەستی کارگێڕیدا**

هاوسەنگی دارایی لە گرێبەستی کارگێڕیدا ئەو دۆخە دادپەروەرییەیە کە هەردوو لایەنی گرێبەست لەسەری ڕێکدەکەون و قبوڵی دەکەن. بەڵام هەندێجار بە هۆی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو، بەڵێندەر لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکەدا ڕووبەرووی زیادبوونی تێچووی دارایی دەبێتەوە، بە جۆرێک ناتوانێت بە تەنها ئەو بارگرانییە دارایـیە هەڵبگرێـت و کاریگەی لەسـەر هاوسـەنگی دارایی گرێبەسـتەکە دەبێت. تەنـانەت لەوانەیە هەنـدێ جـار ببێـتە هـۆی زیانێکی گەورەی دارایی و هەڕەشەی وەستاندنی گرێبەستە کارگێڕییەکە بکات. بێگومان ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خزمەتگوزاری گشتی و بەرپرسیارییەتی دامەزراوە گشتییەکان دەبێت. لەم حاڵەتەدا، ئەگەری هەیە گرێبەستی کارگێری ڕووبەڕووی دەستێوەردانی ئیدارە ببێتەوە، بێ گومـان ئەمە سـوودی هەیە، بەڵام سـنووردارە بەو سـنوورانەی کە یاسـا دیـاری کـردووە و، بەڵێندەر مافی ئەوەی هەیە پابەندبوونەکانی لەگەڵ لایەنی ئیدارە بەش بکات.[1]

ئەم سیفەت و تایبەتمەندییە لە گرێبەستی کارگێڕیدا بە نەرمونیانی وەسف دەکرێت و دەبێتە هـۆی هەبـوونی پەیوەنـدییەکی نزیک و باش لە نێوان هەردوو لایەنی گرێبەست و جۆرێک لە دادپەروەری لە مافەکانی هەردوو لایەن دێنێتە کایەوە. هەروەها هۆکارە بۆ باشتر جێبەجێکردنی گرێبەستەکە، چونکە پاراستنی ماف و پابەندییەکانی بەڵێندەر و لایەنی کارگێڕی دوو ڕووی یەک دراون، ئەویـش گرێبەسـتە کـارگێرییەکەیە. ئەگەر دەسـەڵاتی گشـتی توانـای زیـادکردن یـان کەمکـردنەوەی پابەنـدبوونەکانی بەڵێنـدەری هەبێـت، لەسـەر بنەمـای ئەو وێـنەیەی کە یاسـا کێشاویەتی، ئەوا کاریگەری لەسەر مافەکانی بەڵێندەر لە بەرامبەر ئیدارەدا دەبێت. واتە دەتوانین بڵێـین کە مافەکـانی ئیـدارە لەگەڵ پابەنـدبوونەکانی بەڵێنـدەر و مافەکـانی بەڵێنـدەر لەگەڵ پابەندبوونەکانی دەسەڵاتی کارگێڕیدا هاوتا دەکرێن، هەربۆیە پێویستە هاوکێشەکە هەمیشە لە دۆخی هاوسەنگیدا بێت.[2]

هەروەها ئەگەر دەسەڵاتی گشتی بۆی دەرکەوت،کە مەرجەکانی گرێبەستی کارگێری پابەندبوون و تەواوکـردنی گرێبەسـتەکە قـورس یـان مەحـاڵ دەکات، ئەوا بە شـێوەیەکی یاسـایی پابەنـدە بە

[1] لفراس أسامة، أعادة التوازن المالي للعقد الأداري، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة زيان عاشور – الجلفة، الجزائر، 2014، ص33

[2] مازن دحام العاني، المصدر، ص27

قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەرەکە یان دەستکاری مەرجەکانی گرێبەستەکە بکات بۆ ئەوەی کارەکە ئاسانتر بێت[1]. بە نموونە، دەسەڵاتی دادوەری فەرەنسا، کە پێشەنگ بوو لە بەکارهێنانی تیۆری بـارودۆخی لەناکـاو، بڕیاریـدا بـۆ هاوکـاری و قەرەبـووکردنەوەی بەڵێنـدەر ئەمەش لە پێنـاو جێبەجێکردنی گرێبەستەکە و بەردەوامبوونی خزمەتگوزاری رووناکی شاری لۆردۆی فەرەنسا. چونکە بەهۆی جەنگەوە بارودۆخی ئابووری گۆڕا و خەڵوز گران بوو. دەرئەنجام بەڵێندەر بە تەنهـا نەیـدەتوانی تێچـووی دارایی گرێبەسـەتەکە دابـین بکـات و ئەمەش کـاریگەری لەسـەر بەردەوامبوونی خزمەتگوزارییەکان و تەواوکردنی سەرکەوتووانەی گرێبەستەکە هەبوو.[2]

**لقی دووەم: تیۆرییەکانی هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستی کارگێڕی**

هەنـدێ جـار لە کاتی جێبەجێکـردنی گرێبەسـتی کارگێڕیـدا، ڕەنـگە بەڵێنـدەر لەگەڵ دەسـتەڵاتی گشـتی ڕووبەڕووی بـارودۆخێکی دەگـمەن ببێـتەوە، کە لە لایەن هەردوو لایەنی گرێبەسـت چاوەڕوانکراو نەبـووە و ئەم بارودۆخـانە دەبێتە هـۆی زیادبوونی بارگرانی دارایی بـۆ بەڵێنـدەر بە جۆرێک نەتوانێت پابەنـدی گرێبەسـتەکە ببێت. بەم شـێوەیە هاوسـەنگی دارایی گرێبەسـتەکە تێکـدەچێت و ئـابووری گرێبەسـتەکە لە ئەنجـامی ئەو زیـانە مـادییەدا ناهاوسـەنگ دەبێـت. دەرئەنجـام کـاریگەری نەرێـنی لەسـەر پابەنـدی بەڵێنـدەر بە کارەکـانی و بـاش بەڕێوەچـوونی کاروبارەکانی گرێبەستەکە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەبێت.
هەر لەبەر ئەم هۆکـارەش یاسـاناس و دامەزراوە یاسـاییەکان چەنـدین تیۆرییـان داڕشـتووە کە ئامانجیـان گەڕانـدنەوەی هاوسـەنگی دارایی گرێبەسـتە کارگێڕییەکـانە، بـۆ ئەوەی لە لایەک دادپەروەری بەدەستبهێنرێت و لە لایەکی دیکەوە بەڵێندەرەکان خۆیان لە گرێبەستکردن لەگەڵ ئیـدارە نەپـارێزن و دوورنەکەونەوە. هەروەهـا کارپێکردنی ئەم تیـۆرانە کاریگەری ئەرێـنی لەسـەر بەردەوامی کارکردنی کۆمپانیا و خزمەتگوزارییە گشتیەکان دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی، مەبەستی

[1] د. علياء غازي موسى و آخرون، أثر جائحة كورونا على التوازن المالي للعقد الاداري، مجلد9، عدد خاص، جامعة تكريت، 2020، ص11

[2] د. يوسف خليل ابراهيم السلوم، المصدر السابق، ص88-90

سەرەکی ئەم تیۆرانە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی دارایی گرێبەستە کارگێڕییەکانە لە کاتی دروستبوونی هەر بارودۆخێک کە کاریگەری لەسەر بەردەوامبوونی گرێبەستە کارگیرییەکان هەبێت. لە پێناو پاراستنی گرێبەستە کارگێرییەکان و بەردەوامی بەڵێندەر بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزرییە گشتییەکان، بەو جۆرەی کە پێیان سپێردراوە بەپێی گرێبەستەکان. چونکە ئامانجی سەرەکی دڵنیابوونە لە بەردەوامی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.[1] لە بەرچاوترین ئەو تیۆرانەش ئەمانەی خوارەوەیە:

**یەکەم: تیۆری کاری شازادە:**

تیۆری کاری شازادە یەکێکە لە کۆنترین تیۆرەکان و بە یەکەم تیۆر دادەنرێت کە ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسا بۆ راگرتنی هاوسەنگی گرێبەستە کارگێرییەکان کاری پێکردووە. بە ڕای یاساناسان چەمکی ئەم تیۆرە بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە لایەن دەسەڵاتی گشتییەوە، لە دەرئەنجامی هەر  بڕیار و کارێکی دەسەڵاتی گشتی کە دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی گرێبەستی کارگێری. بە پێی ئەم تیۆرە دەسەڵاتی گشتی پابەندە بە پاراستنی هاوسەنگی دارایی گرێبەستە کارگیرییەکان و بەڵێندەر مافی قەرەبووکردنەوەی هەیە لە کاتی هەر زیادبوونێک لە تێچووی دارایی گرێبەستەکان. بە پێی ئەم تیۆرە بەڵێندەر تەنها بە هۆی بریار یان کارێکی دەسەڵاتی گشتییەوە قەرەبوو دەکرێتەوە.[2] لە گرنترین مەرجەکانی تیۆری کاری شازادە بریتیین لە:

- کارەکە پەیوەندار بێت بە گرێبەستی کارگێڕییەوە.
- کارەکە لە لایەن دەستەڵاتی گشتی دەرچوو بێت.
- کار و بڕیارەکان دەرچووەکان، چاوەڕواننەکراو بن لە کاتی بەستنی گرێبەستەکە.
- کار و بڕیارەکان ببنە هۆی زیانگەیاندن بە بەڵیندەر.

---

[1] د. ماهر صالح علاوي الجبوري، الوسيط في القانون الأداري، وزارة التعليم العالي و البحث العليمي، بغداد، 2009، ص451

[2] بوشارب زهرة، نظرية فعل الأمير و أثرها المادة الأدارية، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح و رقلة، الجزائر، 2014، ص8

- کار و بڕیارەکان پەیوەندار نەبن بە هەڵەی دەسەڵاتی گشتی.[1]

**دووەم: تیۆری ئاڵێنگاری ماددی چاوەڕواننەکراو:**

ئەم تیۆرەش یەکێکە لە تیۆرە کۆنەکان کە لە لایەن ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنساوە پەیڕەو کراوە و بنەمای بۆ دانراوە. بە پێی ئەم تیۆرە بەڵێندەر مافی قەرەبووکردنەوەی گشتی هەیە، لە کاتی دروستبوونی ناهاوسەنگی دارایی گرێبەستی کارگێری، لە دەرئەنجامی بارێکی نائاسایی چاوەڕواننەکراو کە ببێتە هۆکاری زیادبوونی تێچوونی دارایی گرێبەستە کارگێرییەکە. ئەم تیۆرە زیاتر وابەستەی گرێبەستە خزمەتە گشتییەکانە، چونکە جێبەجێکردنی ئەم جۆرە گرێبەستانە زیاتر کاریگەر دەبن بە ئالینگارییە مادیی و نامادییە چاوەڕوانەکراوەکان، لە کاتی داڕشتن و واژووکردنی گرێبەستەکە. بەپێی ئەم تیۆرە تەنها فاکتەرە سروشتییە نائاسایی و چاوەڕوانەکراوەکان دەبنە هۆکاری قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر. لە گرنترین مەرجەکانی تیۆری سەختی ماددی چاوەڕواننەکراو بریتیین لە:

- پێویستە ئاڵێنگارییەکان سروشتی ماددیان هەبێت.
- پێویستە هیچ یەکێک لە لایەنەکانی گرێبەستەکە دەستی لە ڕوودانی ئاڵینگارییە مادییەکان نەبێت.
- پێویستە ئاڵێنگارییە مادییەکان چاوەڕوانکراو نەبن لە کاتی بەستنی گرێبەستەکە.
- پێویستە ئاڵێنگارییەکان نائاسایی و ناسروشتی بن.
- ئاڵێنگارییەکان ببنە هۆکاری لەنگکردنی ئابووری گرێبەستەکە.[2]

**سێیەم: تیۆری بارودۆخی لەناکاو:**

هاوشێوەی تیۆری کاری شازادە و تیۆری ئاڵێنگاری ماددی چاوەڕواننەکراو، ئەم تیۆرەش یەکێکە لە تیۆرە کۆنەکان کە لە لایەن ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنساوە بنەمای جێبەجێکردنی بۆ دانراوە. لەکاتی جێبەجێکردنی گرێبەستی کارگێڕیدا، لەوانەیە هەلومەرج و ڕووداوێک ڕووبدات

---

[1] د. حسن محمد علي حسن البنان، المصدر السابق، ص166

[2] د. جهاد ضيف الله ذياب الجازي، أعادة التوازن المالي في العقد الاداري أزاء تدخلات أجنبية، مجلة البحوث القانونية و الأقتصادية، مجلد3، عدد1، المملكة العربية السعودية، 2020، ص597-599

که لەدەرەوەی ویســت و پێشـبینی هەردوو لایەنی گرێبەســتەکە بێـت، ئەمەش دەبێـتە هـۆی ئەوەی زیـان بە ئـابووریی گرێبەســتەکە بگەیێنێـت و لاســەنگی دارایی ڕووبـدات. گـرنگترین مەرجەکانی تیۆری بارودۆخی لەناکاو بریتین لە:

- ڕووداني بارودۆخێکی لەناکاو و گشتگیر.
- پێشبینینەکردنی ڕووداني بارودۆخێکی لەناکاو و نەبوونی توانای بەرپەرچدانەوە.
- ڕووداوی لەناکاو لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکە و لە دوای بەستنی گرێبەستەکەوە ڕوو‌بدات.
- ڕووداوی لەناکاو ببێتە هۆی تێکدانی ئابووری و لاسەنگی دارایی گرێبەست.[1]

## بەشی دووەم

## هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستی کارگێری لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

---

[1] د. عبد رزيج أسود، جائحة كورونا و أثرها على العقود الأدارية، مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية، مجلد12، عدد1، جامعة الأنبار، 2022، ص160-165

لەم بەشـەدا، چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی بەڵێنـدەر  لەژێر ڕۆشـنایی تیـۆری بارودۆخی لەناکاو و بنەمـا یاسـاییەکەی، هەروەهـا ڕادەی ڕەوایەتی دیـاریکردنی قەرەبـووکردنەوە و لێخۆشـبوون و هەڵوێسـتی یاسـادانەری عـێراق لەم بـارەوە دەخـرێتەڕوو. ئەم بەشـە بەسـەر سێ باسـدا دابەش دەبێت، بەم شێوەی خوارەوە:

**باسی یەکەم: قەرەبووکردنەوە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو و بنەمای یاسایی**

**باسی دووەم: رادەی ڕەوایەتی دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە یان لێخۆشبوون لە ژێر ڕۆشـنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو**

**باسی سێیەم: هەڵوێستی یاسایی عێراق دەربارەی هاوسەنگکردنەوەی دارایی لە ژێر ڕۆشـنایی تیۆری باری لەناکاو**

## باسی یەکەم

## قەرەبووکردنەوە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو و بنەمای یاسایی

لەم باسـەدا چـۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی بەڵێنـدەر، لە ژێـر ڕۆشـنایی تیـۆری بـارودۆخی لەناکاو، و بنەمایی یاسایی قەرەبووکردنەوە لە چوارچێوەی دوو لقدا دەخرێتەڕوو:

### لقی یەکەم: قەرەبووکردنەوە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو

ئامـانجی سـەرەکی قەرەبـووەکردنەوە بە پـێی تیـۆری بـارودۆخی لەناکـاو، وەکـو قەرەبـوویەکی تایبەتمەنـد، بـۆ ئەوەیە کە بەڵێنـدەر بەردەوام بێـت لە جێبەجێکـردنی ئەرکەکـانی گرێبەسـتە کارگێڕییەکە. قەرەبووکردنەوەش لەسـەر بنەمـای ئەوە نابێـت کە بەڵێنـدەر لە ڕووی قـازانجەوە چەنـدی لە دەسـتچووە، بەڵکـو سـنورداری بەو زیـانەی کە بەڵێنـدەر تـووشی دەبێـت لە ئەنجـامی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاودا. هەروەها بە پێی تیۆری بارودۆخی لەناکاو قەرەبووکردنەوە هەموو زیانەکە ناگرێتەوە، بەڵکـو تەنها بەشـێکی زیانەکە دەکەوێتەوە ئەسـتۆی ئیدارە و بەڵێنـدەریش گەورەترین پشکی ئەو زیانە لە ئەستۆ دەگرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو بارودۆخە لەناکاوەی

دروست بووە بە هۆی یەکێک لە لایەنەکانی گرێبەستەکەوە نەبووە، بەڵکو بارودۆخێکی نائاساییە و لە دەرەوەی ویست و توانای هەردوو لایەنی گرێبەستە.[1]

تیۆری بارودۆخی لەناکاو بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر ڕوودانی باری نائاسایی دامەزراوە، بۆیە ئەگەر حاڵەتی لەناکاو ڕوویدا و ببێتە هۆی ناهاوسەنگی دارایی گرێبەستی کارگێری، پێویستە دەسەڵاتی گشتی هەڵوێستێکی دادپەروەرانەی هەبێت، بۆ ئەوەی بەڵێندەر بتوانێت بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە پێی گرێبەستەکە. ئەگەر بابەتەکە بخرێتە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری، سەرەتا دادوەر دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە مەرجەکانی تیۆری بارودۆخی نائاسایی جێبەجێ کراوە، دواتر بابەتەکە بۆ دانوستان لە نێوان هەردوو لایەندا جێدەهێڵێت. لەم حاڵەتەدا دادوەر فەرمانەکان ئاراستەی ئیدارە ناکات بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی دارایی گرێبەستەکە، بەڵام لە حاڵەتی شکستی ئیدارە و بەڵێندەر بۆ دانانی هەلومەرجی نوێی هاوتا لەگەڵ کاریگەرییەکانی باری لەناکاودا و، لەسەر داوای بەڵێندەر دادوەر دەستێوەردان دەکات. دەستێوەردانی دادوەری کارگێڕیش بۆ دیاریکردنی قەرەبوویەکی گونجاوە کە ئیدارە بیدات بە بەڵێندەر.[2]

ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسا، لە ژێر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە، سێ بنەمای بۆ دادوەری کارگێری دیاری کردووە بە مەبەستی دەستنیشان کردنی بڕی قەرەبووکردنەوە. ئەوانیش:

- دیاریکردنی سەرەتایی بارودۆخی لەناکاو.
- دیاریکردنی بڕی ئەو زیانەی بە بەڵێندەر کەوتووە.
- دابەشکردنی بڕی زیان لە نێوان ئیدارە و بەڵێندەر.[3]

**لقی دووەم: بنەمایی یاسایی قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە تیۆری بارودۆخی لەناکاو**

---

[1] مازن دحام العاني، المصدر السابق، ص66

[2] عبد رزيج اسود، المصدر السابق، ص10

[3] مازن دحام العاني، المصدر السابق، ص67

بیرمەندانی یاسایی و کارگێڕی بنەمای یاسایی قەرەبووکردنەی بەڵێندەر لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکەنەوە:

- **بنەمایی هاوسەنگی گرێبەست:** بە ڕای بەشێک لە بیرمەندانی یاسایی و لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو بەڵێندەر مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووکردنەوە لە ئیدارە بکات لە کاتی تێکچوونی هاوسەنگی دارایی گرێبەست. هەرچەندە بەشێکی تر لە بیرمەندانی یاسایی ڕایان وایە ئەم بنەمایە بە تەنها نابێتە هۆی قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر.
- **نیەتی هاوبەشی هەردوو لایەنی گرێبەست:** بە ڕای بەشێک لە بیرمەندانی فەرەنسی۔ نیەتی هاوبەشی هەردوو لایەنی گرێبەست لەسەر بەردەوامی جێبەجێکردنی گرێبەست، دەبێتە بنەما بۆ قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر، بە پێی تیۆری بارودۆخی لەناکاو. بەڵام بە ڕای بیرمەندانی میسری نیەتی هاوبەشی هەردوو لایەنی گرێبەست نابێتە بنەمایەک بۆ قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو. چونکە تیۆری بارودۆخی لەناکاو جێبەجێ دەکرێت، هەرچەندە ئەگەر دەقێکی یاسایش لە گرێبەستەکە جێگیر کرا بێت بە مەبەستی لێخۆشبوونی ئیدارە.
- **سروشتی گرێبەست و پەیوەندی بە خزمەتگوزاری گشتی:** زۆربەی بیرمەندانی یاسا و کارگێڕی ڕایان وایە لە هەر دۆخ و حاڵەتێک ئیدارە دەبێت بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی. لەسەر ئەم بنەمایە و بە پێی تیۆری بارودۆخی لەناکاو، ئەگەر ڕووداوێکی لەناکاو ڕوویدا و ببێتە بەربەست یان بارگرانی لەسەر دارایی گرێبەستە، پێویستە لەسەر ئیدارە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەشێک لە زیانەکان لە ئەستۆ بگرێت و قەرەبووی بەڵێندەر بکاتەوە، ئەمەش لە پێناو بەردەوامی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی.[1]

## باسی دووەم

[1] محمد أبوبكر عبدالمقصود، المصدر السابق، ص518-522

**رادەی ڕەوایەتی دیاریکردنی قەرەبووکردنەوە یان لێخۆشبوون**

**لە ژێر رۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو**

لە باسی دووەمی ئەم بەشە و لە چوارچێوەی دوو لقدا، ڕادەی ڕەوایەتی چەسپاندنی دەقێک لە ناو گرێبەستی کارگێری بۆ خۆبەدوورگرتن و لە ئەستۆنەگرتنی ئیدارە بۆ قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە حاڵەتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو لە ژێر رۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو، دەخرێتەڕوو.

**لقی یەکەم: رادەی ڕەوابوونی دیاریکردنی دەقێک لێخۆشبوونی ڕەهای ئیدارە لە قەرەبوونەوەی بەڵێندەر لە حاڵەتی بارودۆخی لەناکاو**

لەوانەیە بەڵێندەر لە کاتی نووسین و بەستنی گرێبەستی کارگێری بە مەرجێک ڕازی ببێت، کە ئیدارە هیچ قەرەبوویەک لە ئەستۆ نەگرێت لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەستەکە. هەرچەندە پێشتر ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی- ڕەوایەتی بەم حاڵەتە دابوو، لەسەر ئەو بنەمایەی کە گرێبەست بە ڕەزامەندی هەردوو لایەن دەبەسترێت. بەڵام دواتر ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسا پێداچوونەوەی بە ڕاکەی خۆیدا کرد و هیچ ڕەوایەتییەک بە ئیدارە نادات، کە پێشوەختە و لە کاتی بەستنی گرێبەستی کارگێری دەقێک بچەسپێنێت لە گرێبەستەکە، کە بە شێوەیەکی ڕەها خۆی لە قەرەبووکردنەوە بپارێزێت. ئەم ئاراستە و بۆچوونە لە لایەن بیرمەندانی کارگێری پشتیوان لێکرا، بەو بەڵگەی کە جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو لە بواری گرێبەستەکە کارگێرییەکان بەشێکە لە سیستەمی گشتی.[1]

هەروەها بیرمەندی میسری لەگەڵ ئەو ڕایەدان کە ڕەوا نییە ئیدارە خۆی لە قەرەبووکردنەوە بپارێزێت. چونکە تیۆری بارودۆخی لەناکاو تەنها بۆ ئەوە نییە کە بەڵێندەر قەرەبوو بکرێتەوە لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بەڵێندەر بەردەوام بێت لە جێبەجێکردنی گرێبەستەکە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی. لە

---

[1] د. واصف يوسف الزبون، مدى مشروعية نص العقد الأداري على مخالفة نظريات أعادة التوازن المالي، مجلة الجامعة الأسلامية للدراسات الشرعية القانونية، مجلد27، عدد2، عمان، 2019، ص468

هەمان کاتدا، دادگای کارگێڕی میسری بە هەمان ڕێچکەی دادگای کارگێڕی فەرەنسی. دەڕوات و ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ڕەوا نییە ئیدارە خۆی لە قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر ببەخشێت لە کاتی ڕووداوێکی لە ناکاو لە کاتی جێبەجێکردنی گرێبەستە کارگێڕییەکان.[1]

## لقی دووەم: ڕادەی ڕەوابوونی دیاریکردنی قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە حاڵەتی بارودۆخی لەناکاو، بەدەر لە تیۆری بارودۆخی لەناکاو

ناوەڕۆکی گرێبەستە کارگێڕییەکان چوارچێوەی ماف و پاندییەکانی ئیدارە و بەڵێندەر دیار دەکەن، ڕێگا و ڕێسای یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانن لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاودا. بە ڕای ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی هەبوونی دەقێکی پەیوەندار بە قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو، لە ڕووی یاسایی و دادوەرییەوە شتێکی ڕەواییە و دەتوانرێت کاری پێ بکرێت. چونکە پابەندکردنی ئیدارە بە قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو بە ئەنجام دەگات، جا ئەگەر بە هۆی هەبوونی دەقێکی نوسراوی ناو گرێبەستە کارگێڕییەکە و ڕێکەوتنی پێشوەختەی ئیدارە و بەڵێندەر بێت، یان بە بڕیاری دادگا و لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو بێت.[2]

لەگەڵ هەبوونی مەرجی قەرەبووکردنەوی بەڵێندەر لە ناو گرێبەستە کارگێڕییەکە، بەڵام ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی. ڕێگەی بە جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو داوە، ئەویش لەم دوو حاڵەتەی خوارەوە:

- ئەگەر جێبەجێکردنی مەرجەکانی گرێبەستەکە لە توانای بەڵێندەردا نەبوو، لەم حاڵەتەدا بەڵێندەر بۆی هەیە لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو داوای قەرەبووکردنەوە بکات.
- ئەگەر جێبەجێکردنی مەرجەکانی گرێبەستەکە ڕۆڵی سروشتی خۆی نەبینێ و لەگەڵ نییەتی هەردوو لایەنی گرێبەست نەیەتەدی، بە تایبەت ئەگەر بڕی زیانەکان لەوە زیاتر

---

[1] د. واصف يوسف الزبون، المصدر السابق، ص469

[2] د. واصف يوسف الزبون، المصدر السابق، ص471

بێت کە پێشتر لە کاتی بەستی گرێبەستەکە پێشبینی کراوە. لەم حاڵەتەدا ئیدارە و بەڵێندەر دەتوانن پشت بە ئەحکامی تیۆری بارودۆخی لەناکاو ببەستن بۆ دەستنیشانی کردنی بڕی قەرەبووکردنەوە.[1]

بەڵام بە ڕای ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی- بەڵێندەر ناتوانێت لە هەمان کاتدا دوو جار قەرەبووکردنەوە وەربگرێت. جارێک بەهۆی دەق و مەرجی قەرەبووکردنەوەی ناو گرێبەست، جارێکی تر بە هۆی فەرمانی دادگا لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو. بە پێچەوانەی فەرەنسا، یاسادانەری میسری هەبوونی دەق و دەستنیشانکردنی بڕی قەرەبووکردنەوە لە ناو گرێبەستی کارگێرییدا، لە ڕووی یاساییەوە بە ڕەوا نابینێ و بە دژی جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاوی هەژماری دەکات.[2]

## باسی سێیەم

## هەڵوێستی یاسایی عێراقی دەربارەی هاوسەنگکردنەوەی دارایی

## لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری باری لەناکاو

هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێکرا، سەرەتایی سەرهەڵدانی بیرۆکەی هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستی کارگێری و جێبەجێکردنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو، پێشینەیەکی دادوەری هەیە و ئەم داهێنانە لە وڵاتی فەرەنسا بوو. کاتێک ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسی- مافی بە خۆیدا بە هاوسەنگی دارایی گرێبەستی کارگێریدا بچێتەوە، لە کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو، ئەمەش لە پێناو بەردەوامبوونی خزمەتگوزاری و بەرژەوەندی گشتیدا ئەنجومەنی دەوڵەتی فەرەنسا لە کەیس و کێشەی ترام وەیی لە ساڵی ١٩١٠، بڕیاریدا بە ئەوی کە بە هاوسەنگی دارایی گرێبەستە کارگێرییەکەدا بچێتەوە و مافی قەرەبووکردنەوەی بە بەڵێندەر بەخشی- لە پێناو هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستەکە. لەم ڕێکەوتە بە دواوە بیرۆکەی

[1] د. واصف يوسف الزبون، المصدر نفسه، ص 471

[2] د. واصف يوسف الزبون، المصدر نفسه، ص472

هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستە کارگێرییەکان بووە یەکێک لەو بنەمایانەی کە کاریگەری لەسەر گرێبەستی کارگێری هەیە.[1]

بە پێداچوونەوەی دەق یاسا کارپێکراوەکانی عێراق تێبینی دەکرێت، بیرۆکەی هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستە کارگێرییەکان لەبەرچاو گیراوە. هەروەها تیۆری بارودۆخی لەناکاو یەکێکە لەو تیۆرانەی کە بنەماکانی لە ڕووی یاساییەوە لە ماددەی ١٤٦ی یاسایی شارستانی عێراق ژمارە ٤٠ی ١٩٥١ جێگیر کراوە و بواری جێبەجێکردنی گرێبەستی شارستانی و کارگێری دەگرێتەوە. هەروەها بەندی دووەمی ماددەی ١٤٦ی ئەم یاسایە ئاماژەی بەوە کردووە ئەگەر ڕووداوێکی لەناکاو و گشتی ڕوویدا کە پێشتر پێشبینی نەکراو بوو، بە جۆرێک ببێتە هۆی ئاستەنگ جێبەجێکردنی گرێبەستەکە یان بارگرانییەکی زۆر لەسەر بەڵێندەر دابنێ و زیانێکی زۆری ماددی پێبگەێنێت. لەم حاڵەتەدا، دادگا بۆی هەیە بە باری دارایی گرێبەستەکەدا بچێتەوە و بریارێکی دادپەروەرانە بدات بە هاوسەنگکردنەوەی دارایی گرێبەستەکە و قەرەبووکردنەوەی بەڵێندەر[2].

هەروەها دادگای عێراق کە لە حوکمێکدا دەردەکەوێت، تیۆری بارودۆخی لەناکاوی جێبەجێکردووە لەو حوکمەی کە لە ڕێکەوتی ١٩٩٨٤/٤/٤، بە بڕیاری ژمارە ٢٢و٢٣/دەستەی بەرفراوام ( هەیئەی موەسعە ) /١٩٨٩ کە تیایدا هاتووە: لەو بەڵگەنامانەی کە پێشکەش بە دادگا کراوە، ئەگەر دەرکەوتووە کە بە ڕادەیەکی زۆر ( ئینهیاری تام) ناهاوسەنگی دارایی دروستبووە لە نێوان ئەرکەکانی لایەنەکانی داوا، لەبەر بوونی بارودۆخی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو و تێکچوونی ئە و بنەمایەی کە لەسەری بونیاتنراوە لە کاتی بەستنی گرێبەست سەبارەت بە دارایی گرێبەستی بەڵێندەرایەتی، بۆیە دادگای پەنای بردووەتە بۆ شارەزا بۆ دیاریکردن و زیادکردنی دارایی داواکار ( بەڵێندەر) لە ئەنجامی تێکچوونی هاوسەنگی دارایی گرێبەستەکە.

---

1 د. يوسف خليل ابراهيم السلوم، المصدر السابق، ص29.

2 د. أميرة جعفر شريف و آخرون، نظريتي القوة القاهرة و الظروف الطارئة في القانون العراقي و الشريعة الأسلامية، مجلة تيشك الدولية، العدد 4، أربيل، 2019، ص1001.

ئەمەش جێبەجێکردنی دەقەکانی ٨٧٨ لە یاسای شارستانی و هەروەها ماددەی ١٨٠ لە یاسایی سەلماندنی عێراقی ژمارە ١٠٧ی ساڵی ١٩٧٩.[1]

به جـۆره دەردەکەوێـت کە یاسـادانەر و دادگـای عـێراق بـیرۆکەی هاوسـەنگکردنەوەی دارایی گرێبەست و بنەمای تیۆری بارودۆخی لەناکاوی، لە کاتی دروست بوونی ناهەوسەنگی دارایی لە گرێبەستە کارگێرییەکاندا، لەبەرچاو گرتووە.

## دەرئەنجام و راسپاردەکان

[1] سحر جبار يعقوب، فسخ العقد الاداري لإستحالة التنفيذ بسبب الظروف الطارئة، مجلة الكوفة، المجلد1، العدد7، جامعة الكوفة، 2008.

له پاش خستنەڕوو و باسی گرێبەستی کارگێری و چۆنیەتی هاوسەنگکردنەوەی له ژێر ڕۆشنایی تیۆری بارودۆخی لەناکاو و بەپێی یاسایی عێراقی، توێژینەوە بەم دەرئەنجام و پێشنیارانەی خوارەوە گەشت.

**یەکەم: دەرئەنجام**

1-هەرچەندە سەرەتایی دەرکەوتنی تیۆری بارودۆخی لەناکاو، له فەرەنسا له ساڵی ١٩١٦، له ئەنجامی کاروچالاکی دەسەڵاتی دادوەری بوو، بەڵام له عێراقدا بنەمای جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە له چوارچێوەی دەقێکی یاسایی و به دیاریکراوی له یاسایی شارستانی ژمارە ٤٠ی ساڵی ١٩٥١ ڕێکخراوە.

2-بواری جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە له سەرەتادا بەرتەسک بووە. بەڵام له ئێستادا هەموو گرێبستە کارگێرییەکان دەگرێتەوە، بێجگە لەو گرێبەستە کارگێرییانەی پەیوەندار نین به چالاکی پیشەسازی و بازرگانی.

3-بنەما و مەبەستی هاوسەنگکردنەوەی دارایی له تیۆری بارودۆخی لەناکاو بەرجەستەکردنی دادپەروەری و بەردەوامبوونی گرێبەست و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانە.

4-له کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو به مەرجێک ببێتە هۆی تێکدانی دارایی گرێبەستی کارگێری، بەڵێندەر مافی داواکردنی قەرەبووکردنەوەی هەیە.

5-ئیدارە ڕێگەپێدراو نییە مەرجێک له دەقی گرێبەستی کارگێری جێگیر بکات، کە ببێتە هۆی ئەوەی بەڵێندەر سوودمەند نەبێت له تیۆری بارودۆخی لەناکاو له کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو.

6-به پێی تیۆری بارودۆخی لەناکاو، ئیدارە پارێزراو نییە له گرتنەئەستۆی زیانەکانی گرێبەستی کارگێری له کاتی ڕوودانی بارودۆخێکی لەناکاو، بەڵام هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرە تەنها بەشێکی زیانی دارایی گرێبەستەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئیدارە.

7-به پێی تیۆری بارودۆخی لەناکاو، ئیدارە پابەندە به هەموارکردنی مەرجەکانی جێبەجێکردنی گرێبەستی کارگێری، ئەمەش له پێناو بەردەوامبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

**دووەم راسپاردەکان:**

1-داواکارین یاسادانەری عێراق یاسایەکی تایبەت و گشتگیر دەربکات بۆ رێکخستن و بەرێوەبردنی گرێبەستی کارگێری. لەم یاسایەدا جۆری گرێبەستی کارگێری و شێوازی بەستنی گرێبەست و لایەنی کارگێری و دارایی و ژمێریاری و هونەری گرێبەست دیاری بکرێت، ئەویش بە مەبەستی هاوتەریب رۆشتن لەگەڵ پێشکەوتنە کارگێری و ئابوورییەکان.

2-داواکارین یاسادانەری عێراق یەکلاکردنەوەی کێشەی گرێبەستی کارگێرییەکان بکاتە تایبەتمەندی دادگای کارگێری، بۆ ئەوەی کاروبار و بریارەکانی دادگای کارگێری زیاتر گشتگیر و کاریگەرتر بن.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: کتێب**

1-د. ماهر صالح علاوي الجبوري، الوسيط في القانون الأداري، وزارة التعليم العالي و البحث العليمي، بغداد، 2009.

2-د. محمود خلف الجبوري، العقود الادارية، مطبعة التعليم العالي في الموصل، الموصل، 1989.

3-مفتاح خليفة عبدالحميد و آخرون، العقود الأدارية، دار المطبوعات الجامعية، الأسكندرية، 2008.

4-د. يوسف خليل ابراهيم السلوم، تحقيق التوازن بين التزامات المتعاقد و حقوقه في العقد الأداري، دار الجامعة الجديدة، الأسكندرية، 2022.

**دووەم: ماستەرنامەکان**

1-بوشارب زهرة، نظرية فعل الأمير و أثرها المادة الأدارية، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة قاصدي مرباح و رقلة، الجزائر، 2014.

2-فوزية فرج حماد، الظروف الطارئة و تأثيرها على تنفيذ العقود الأدارية، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة التحدي، ليبيا، 2009.

3-لفراس أسامة، أعادة التوازن المالي للعقد الأداري، رسالة ماجستير، كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة زيان عاشور- الجلفة، الجزائر، 2014

4-مازن دحام العاني، اعادة التوازن المالي للعقد الاداري في القانون العراقي، رسالة الماجستير، كلية الحقوق، جامعة الأسراء، الأردن، 2016.

**سێیەم: توێژینەوە بڵاوکراوەکان**

1-د. أميرة جعفر شريف و آخرون، نظريتي القوة القاهرة و الظروف الطارئة في القانون العراقي و الشريعة الأسلامية، العدد 4، أربيل، 2019.

2-اقبال نعمت درويش و آخرون، القواعد العامة في العقد الأداري، مجلة جامعة تكريت للحقوق، مجلد3، عدد4، تكريت، 2019.

3-د. جهاد ضيف الله ذياب الجازي، أعادة التوازن المالي في العقد الاداري أزاء تدخلات أجنبية، مجلة البحوث القانونية و الأقتصادية، مجلد3، عدد1، المملكة العربية السعودية، 2020.

4-د. حسن محمد علي حسن البنان، أثر الظروف الطارئة في تنفيذ العقد الأداري، مجلة الرافدين للحقوق، مجلد16، عدد58، المصول، 2013.

5-سحر جبار يعقوب، فسخ العقد الاداري لإستحالة التنفيذ بسبب الظروف الطارئة، مجلة الكوفة، المجلد1، العدد7، جامعة الكوفة، 2008.

6-د. عبد رزيج أسود، جائحة كورونا و أثرها على العقود الأدارية، مجلة جامعة الانبار للعلوم القانونية والسياسية، مجلد12، عدد1، جامعة الأنبار، 2022.

7-د. علياء غازي موسى و آخرون، أثر جائحة كورونا على التوازن المالي للعقد الاداري، مجلد9، عدد خاص، جامعة تكريت، 2020.

8-مخلد توفيق خشمان و آخرون، العقود الإدارية و جزائاتها في الفقه القضاء الأداري الأردني و القضاء المقارن، علوم الشريعة و القانون، المجلد43، العدد3، الأردن، 2016.

9-محمد أبوبكر عبدالمقصود، اعادة التوازن المالي في ظل الأزمة المالية العالمية، المؤتمر العلمي السنوي الثالث عشر لكلية الحقوق جامعة المنصورة، مجلد1، عدد خاص بالمؤتمر، جامعة المنصورة، 2020.

10-د. واصف يوسف الزبون، مدى مشروعية نص العقد الأداري على مخالفة نظريات أعادة التوازن المالي، مجلة الجامعة الاسلامية للدراسات الشرعية القانونية، المجلد27، عدد2، 2019.

11-د. يوسف عبدالمحسن عبدالفتاح، الظروف الأقتصادية الطارئة و اعادة التوازن المالي في العقد الأداري في ضوء فكرة التوقع المشروع، القانونية،المجلد21، عدد9، القاهرة، 2017.